راپۆرتێک لەبارەی :

# پۆستە حکومییەکانی گەرمیان
# لە نێوان پسپۆڕیی و بژاردەی حیزب دا

یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێی گەرمیان

2021-10-1

## پێشەکی:

چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ئەدای بەرپرسانی یەکەی کارگێری و بەڕێوبەرەکان و هەروەها شێوازی دانان و دەستبەکاربونیان، لە گرنگترین کارەکانی کۆمەڵی مەدەنیە، بونی ئەم چاودێریی و هەڵسەنگاندنە، دەرفەت دەدات بە هاوڵاتیان و خودی ئەو بەرپرسانە و ئەو لایەنە سیاسیانەش کە لە پشتیانەوەن، بۆ ئەوەی بزانن ئاستی ئەدا و خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان لەسەر دەستی ئەوان چۆن و تاچەند بوە.
لەم سۆنگەیەوە راپۆرتی ئەمجارەی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، تایبەت دەکەین بەم پرسە و بە وردیی بەدواداچون دەکەین لەسەر پرسی دانان و چاودێرییکردن و ئەدای بەرپرسانی حکومیی لە گەرمیان.

## بەشی یەکەم: راپۆرت

### یەکەم: دیاریکردنی سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و بەڕێوبەرە گشتیەکان

ئیدارەی گەرمیان سەرۆکی یەکە کارگێریەکانی پێکدێت لە سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و دو جێگرەکەی لەگەڵ دو قایمقام (کەلار و کفری) و ٨ بەڕێوبەری ناحیە (رزگاری، پێباز، شێخ تەویل،ئاوەسپی، سەرقەڵا، مەیدان، کۆکس و قۆرەتو)، لەگەڵ ١١ بەڕێوبەرایەتی گشتی و ١٣ بەڕێوبەرایەتی ئەمنی، کۆی ئەمانە لەگەڵ فەرمانگە و بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکە دەکاتە نزیکەی ٧٠ پۆست.
هەمو ئەم پۆستانە، پۆستی سیاسین، واتا بەڕێوبەرەکانیان کەسانێکن کە لەلایەن حزبەکانەوە دادەنرێن.
سنوری گەرمیان بەوپێیەی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دایە، بۆیە زۆرینەی رەهای دەزگا حکومیەکان و بەڕێوبەرەکانی، بەر ئەم حزبە کەوتوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند پۆستێکی دیکە هەن کەلە چوارچێوەی رێکەوتنێکی یەکێتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لە ساڵی ٢٠١٤، دراون بە حزبەکانی تری وەکو: گۆڕان، یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگەریی.

### ١. پێوەری حزبەکان بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسەکان

هەریەکە لە یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵی دادگەری میکانیزمەکانیان تارادەیەک هاوشێوەیە بۆ دیاری کردنی نوێنەرەکانیان، ئەوەش بە وتەی خۆیان لێهاتویی و بروانامەیە.
جێگری مەڵبەندی ١١ یەکێتی لە گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات بۆ هەر پۆستێک کە پشکی یەکێتی بێت لەرێگەی ئۆرگانەکانیانەوە داوای سیڤی دەکەن.
عاسی عەلی، جێگری مەڵبەندی یەکێتی لە گەرمیان لە بارەی پێوەرەکانییانەوە وتی: بروانامە، توانا و لێهاتویی گرنگترین سێ خاڵی ئێمەیە.
بزوتنەوەی گۆڕانیش هەمان پێوەری هەیە بە یەک خاڵی جیاواز. فەیسەڵ حەسەن، بازێروانی مەکۆی کەلاری گۆڕان، دەڵێت: توانای بەڕێوبردن، دوای بروانامەو لێهاتویی، لە پێوەرەکانمانە بۆ دیارییکردنی کاندیدی پۆستەکان، هەروەک بە هەماهەنگی ژوری حکومەتی بزوتنەوەی گۆڕان نوێنەرەکان یەکلادەکەینەوە.
کۆمەڵی دادگەری تەنها یەک پۆستی لە حکومەتی خۆجێی گەرمیان هەیە، حەسەن محەمەد ساڵح، بەرپرسی مەڵبەندەکە دەڵێت: لە پەیرەوی ناوخۆی حزبەکەماندا ئەوە دیاری کراوە کە هەر مەڵبەندێک دەسەڵاتی دیاریکردنی نوێنەری خۆی هەیە، بۆیە هەرکەسێک لەناو حزبەکە مەرجی ئەو پۆستەی تێدابێت بانگدەکرێت و لە رێگەی هەڵبژاردنەوە کەسێکیان هەڵدەبژێرین.
ئەمە لە کاتێکدایە جێگری مەڵبەندی یەکێتی دەڵێت: هەندێکجار لە مەڵبەند کەسەکان دەست نیشان دەکەین و دەینێرین بۆ مەکتەبی رێخستن دواتر بۆ مەکتەبی سیاسی، هەندێکجاریش لەگەرمیان بە راوێژ لەگەڵ سەرو خۆمان پێشنیاری کەسەکان دەکەین.
هەرچی یەکگرتوی ئیسلامییشە، ئەوا نەمانتوانی قسەی ئەوان لەسەر ئەم بابەتە وەربگرین، چونکە پاش چەند جار پەیوەندی و ئاراستەکردنی پرسیارەکان بۆ بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی ئەو حزبە: بورهان موزەفەر، بەڵام خۆی لە وەڵامدانەوە بوارد.

## ٢. پسپۆڕی و ئەزمون و ڕۆڵی لە دانانی بەڕێوبەرەکان

ئەگەرچی حزبەکان جەختیان لە گرنگی بڕانامەکە کردوە کەچی بەرێژەی زۆرینە ئەمە لە نوێنەرەکانیان رەنگی نەداوەتەوە، بەشێوەیەک زۆرێک لەوانەی بەرپرسیارێتیان وەرگرتوە، پسپۆڕی ئەو بوارە نین.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی زۆرینەی بەڕێوبەرەکان کە یەکەی چاودێری گفتوگۆی لەگەڵ کردون کۆکن لەسەر ئەوەی پسپۆڕی گرنگە لەوانە (دارا ئەحمەد هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە جوگرافیا، شادیە حسێن هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی کشتوکاڵ، عەزیز محەمەد هەڵگری بڕوانامەی یاسا، سەردار محەمەد هەڵگری بڕوانامەی یاسا، دلێر عەبدوڵڵا هەڵگری بڕوانامەی یاسا، ژیلوان عادل هەڵگری بڕانامەی یاسا و یادگار فەتاح، هەڵگری بڕانامەی زانستی جیۆلۆجی).

بۆچونی جیاواز هەیە لەسەر گرنگی بونی پسپۆڕی لەوانە هەریەکە لە بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیان و چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و نەوت و کانزاکانی گەرمیان رایان وایە مەرج نیە بەڕێوبەر پسپۆڕی لەگەڵ دەزگاکە بگونجێت.

هونەر مەحمود، کە بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیانە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە زانستی خاک و ئاو، دەڵێت: مەرج نیە بۆ پۆستەکان کەسەکە پسپۆڕی خۆی بێت، بەڵام بونی باشترە، ئەوەی گرنگە لە بەڕێوبەردا هەبێت ٢ خاڵە ئەوەش هونەر و بوێریە.

هاوڕای ئەو، دەرون عومەر، کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاساو رامیاری و ماستەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە وبەڕێوبەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیانە، وتی: بۆ هەندێک لە فەرمانگەکان پێویستیە، بەڵام هەندێک لە فەرمانگە چەندین پسپۆڕی جیاوازی بۆ دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرچی حزبەکان لە وەڵامەکانیان جەختیان لە ئەزمون دەکردەوە کەچی لە ئەسڵی دانانی بەرپرسەکان دەردەکەوێت کە بە پێی پرنسیپەکانی خۆیان نیە و بەشێکیان بێئەزمون یان کەم ئەزمونن.

شادییە حسێن، ئاماژە بەوەدەکات ئەو کاتەی بوە بە بەڕێوبەری گشتی هیچ ئەزمونێکی بەڕێوبردنی نەبوە. هاوشێوەی ئەو ژیلوان عادل، دەڵێت: وەکو پۆست ئەزمونم نەبو، بەڵام ئەفسەری یاسایی بوم . لەگەڵ ئەوەشدا دەرون عومەر، ئەزمونی نەبوە تەنها ئەوەنەبێت، لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کاری کردوە.

لەگەڵ ئەوانەشدا هونەر مەحمود، دەڵێت: کەمترین کات فەرمانبەر بوم و ڕاستەوخۆ بومەتە سەرۆک بەش دواتریش بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتیەک بوم. بەڵام یادگار فەتاح، دەڵێت: پێش بون بە بەڕێوبەر جێگری بەڕێوبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان بوم.

## ٣. چالاکوانان: حزبەکان بە شوێن کەسی شیاو و پسپۆڕدا ناگەڕێن

چالاکوانان ڕەتی دەکەنەوە پسپۆڕی و لێهاتویی بە هەند وەرگیرابێت بۆ دانانی بەرپرسانی پۆستە حکومیەکان لە گەرمیان، ئەوان پێوەری «ملکەچ بون بۆ حزب و لایەنی کۆمەڵایەتی» بە هۆکاری دانانی کەسەکان دەزانن.

شاهۆ عەبدوڵڵا، لە ساڵی (٢٠٠٥)ـەوە چالاکی مەدەنیە لە قەزای کەلار، دەڵێت: لەدانانی بەرپرسەکان یەک پێوەر لەبەرچاو دەگیرێت، ئەویش حزبییە، ئەوەی لەبەرچاو نەگیرێت پسپۆڕییە، لەسەروی نەوەد لەسەدا بەمشێوەیە لە گەرمیان.

ئەمە بۆچونی (عوسمان حەسەن)یشە کە چالاکوانێکی قەزای کفریە و ماوەی ١٠ ساڵە چاودێرە بەسەر حکومەت، دەڵێت: دەستنیشانکردنی بەپرسەکانی حکومەتی گەرمیان بە پێوەری حزبیەکی بێ سەلیقەیە، زۆرترین شتێک رەچاو کرابێت پێوەری حزبی بونە، شارەزایی و ئەزمون کەمترین پێوەر بون.

بۆچونێکی دیکەش هەیە کە نزیکی کەسەکان لە بەرپرسە حزبیەکان و پرسی کۆمەڵایەتی خراونەتە ناو دانانی کەسەکان وەک بەرپرسی حکومی.

سەیوان مەحمود، چالاکوانێکی کۆمەڵگەی مەدەنیە لە ناحیەی باوەنور، دەڵێت: بەرپرسە حزبیەکان کەسەکان بە بەپێی نزیکی لەخۆیانەوە دادەنەن نەوەک شیاوی. ئەمە بۆچونی سەردار رەسوڵ‌یشە کە دانیشتویەکی مەیدانە، بەڵام ئەو بەدیوێکی تردا دەڵێت: پیوەری دانانەکانیان حیزبی و کۆمەڵایەتیە.

## ٤. ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی: بەشێک لە بەرپرسە حکومیەکان پۆستەکانیان نایاساییە

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاشکرای دەکات چەند پۆستێکی حکومی بە نایاسایی بەرپرسەکانی دانراون کە بەشی زۆرینەیان لە پشکی یەکێتین و دەتوانرێت پۆستەکانیان لێوەربگیرێتەوە.

کەریم عەلی، وتی: «بە پێی یاسای ژمارە ٣ ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجومەنی پاریزگاکان و یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی ساڵی ١٩٩٢، بڕیاری ژمارە یەکی ساڵی ٢٠١٥ پەرلەمانی کوردستان هەندێک بەرپرسی گەرمیان دەسەڵاتەکانیان نایاسایە (ناشەرعیە)، چونکە نەگەڕاونەتەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا بۆ متمانە پێشبەخشینیان، کە زۆرینەیان لە پشکی یەکێتین».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەن نمونەش دەخاتەڕو و دەڵێت: هەردو جێگری سەرپەرشتیار ئیدارەی گەرمیان (یەکێتی و گۆڕان)، قایمقامی کفری (یەکێتی)، لەگەڵ ئەوەشدا کاتی خۆی بۆ بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکان (یەکێتی) هەڵامان لەسەری دروستکرد تا هاتە ئەنجومەن بۆ متمانە پێبەخشین.

کەریم عەلی، ئاشکرای دەکات ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان و داواکاری گشتی و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سکاڵا لە دادگای کێرگێری تۆماربکەن لەسەر ئەم پرسە پۆستەکانیان لێوەردەگیرێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی ئیدارەی گەرمیانە ئەمە قبوڵ نەکات کە بە نایاسایی بەرپرسەکانی گەرمیان دەستبەکاربن.

## ٥. پەرلەمان: ئاگەدارین چەند پۆستێک بە نایاسایی وەرگیراوە

ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەبەوەدەکات کە لە ماوەی رابردو ئاگەداری ئەوەبون کە چەند بەرپرسێک پۆستەکانیان نایاسای بووە نەچوتە ئەنجومەنی پارێزگا بۆ وەرگرتنی متمانە.

جەلال محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان وتی: ئێمە ئاگەداری ئەوەین لە رابردودا، بەڵام ئێستا زۆر کەمە بۆ ئەوانەش هەڵوێستمان هەبوە کاتی خۆی کاریگەریشی هەبوە.

وتیشی: ئەوە ئەرکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیە هەر بەرپرسێک نەچوە ئەنجومەن بە یاداشت ئاراستەی پەرلەمانی بکات بۆ ئەوەی ئیشی لەسەر بکەین.

لە بارەی رێکارەکانی پەرلەمان بۆ ئەو حاڵەتانە وتی: بەرپرسەکە دەبێت بچێتە ئەنجومەنی پارێزگا و لەوێ متمانە بەدەستبهێنێت، ئەوکات دەتوانێت لە پۆستەکەی بەردەوامبێت، ئەگەر نا رێکاری دیکە دەبێت.

## ٦. پسپۆڕێکی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی: لێرە پۆستەکان وەک هەلی کاردەبینرێت

دانانی پێوەری حزبەکان بە بۆچونی پسپۆڕێکی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی زۆر کۆن و تەقلیدین کە ئەمەش بە هۆکار دەزانێت بۆ ئەوەی نوێنەرەکانیان گونجاو نەبێت بە گوێرەی پۆستەکان.

سامان عەزیز، هەڵگری بروانامەی ماستەر لە پەرەپێدانی نێودەوڵەتی وتی: «لێرە پۆستەکان وەک هەلی کار دەبینرێت».

وتیشی: لە وڵاتانی پێشکەوتوی جیهاندا بۆ نوێنەرەکانیان لە ئیدارە سیستەمی پۆینت بەیسک بەکاردەهێندرێت، بنەماکانی ئەوەیە ئەو کەسە چەند زمان دەزانێت؟ هەڵسەنگاندنی لە بواری ئایتی بۆ دەکات لەگەڵ پرۆگرام زانین، سیفەتی سەرکردایەتی و بنەمایی بەڕێوبردنی چۆنە، هەربۆیە ئەو سیستەمە هاوکاردەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە شیاوی پۆست نین گلەیان نەمێنێت و کارئاسانیشە بۆ حزبەکان.

## ٧. چۆن بەرپرسەکان پۆست وەردەگرن؟

### ا: بەڕێوبەرەگشتیەکان و بەڕێوبەری فەرمانگەکان

بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: خۆشەویستی بۆ بوارەکە هاندەری بوە بۆ وەرگرتنی پۆستەکە.

دارا ئەحمەد، وتی: "لەبەر خۆشەویستیم بۆ پیشەی مامۆستایی داوای وەرگرتنی ئەو پۆستەم کرد، ئامانجم زۆربو لەوانە پێگەیاندنی نەوەیەکی خوێندەوار و بە درێژکردنەوەی دەوام و نەهێشتنی دو دەوامی لە ناوەندەکانی خوێندندا، بەشداریکردنی دایباب لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، شەفافیەت ببێتە بنەمای کار و کەمکردنەوەی رۆتین، لەگەڵ کردنی فەرمانگە پەروەردەیەکان بە دەزگایەکی خزمەتگوزاری لەپاڵ ئەرکە سەرەکێکەدا کە پەروەردەو فێرکردنە".

هۆکاری پشت وەرگرتنی پۆستی بەڕێوبەری گشتی کاروباری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بە وتەی دەرون عومەری بەڕێوبەری، لای ئەو "خزمەتکردن و ئەزمونکردنی پیشەو کاری نوێ بوە" بەهۆکاری ئەوەی ئەو کوڕی پێشمەرگەیەکی کەمئەندامی سەنگەرە، بەوەش زیاتر لە بارودۆخ کەمئەندامان دەزانێت.

هونەر مەحمود، نزیکەی هەشت مانگە بەڕێوبەری وەبەرهێنانی گەرمیانە دەڵێت: ئامانجم لە وەرگرتنی ئەم پۆستە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی وەبەرهێنان بو لە ناوچەکە.

یادگار فەتاح، رۆژی (٢٠١٥/٢/٢٣) وەک بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان دەستبەکاربوە، دەڵێت: «ئەمەویست تواناکانم لەگەڵ ئەو زانستەی هەمبوە لە پسپۆڕی خۆم بەکاری بێنم بۆ خزمەتی گەرمیان، بە ئامانجی جێبەجێکردنی کۆمەڵێک پلان کە هەمبوە».

### ب: سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان

گەرمیان ١١ سەرۆکی یەکەی کارگێڕی هەیە کە پێکهاتوە لە سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، ٢ قایمقام و ٨ بەڕێوبەری ناحیە.

دو قایمقامەکەی گەرمیان خۆیان دەبورن لە قسەکردن کە ئەمەش دەبێتە جێگەی پرسیار لەسەریان، لەگەڵ ئەوەدا بەڕێوبەری ناحیەکان بۆ وەرگرتنی پۆستەکانیان تێڕوانینی جیاوازیان هەیە.

سەردار محەمەد فەتاح، لە ساڵی (٢٠٠٣)ـەوە وەک بەڕێوبەری ناحیە دەستبەکاربوە ئێستا ماوەی کەمتر لەشەش مانگە بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵایە، بۆ ئامانجەکەشی وتی: «بۆ ئەوەی بتوانم لەڕێگەی ئەم پۆستەوە خزمەتێک بکەم بەو ناوچانەی کە تێیدا بەرپرسیارم».

رۆژی (٨-٧-٢٠١٥) عەزیز محەمەد عەبدوڵڵا، پۆستی بەڕێوبەری ناحیەی باوەنور وەردەگرێت، دەڵێت: «ئامانجم خزمەتکردنی هاوڵاتی و بەشداریکردن بو لە بەرەوپێشبردنی کاری ئیداری و حکومڕانی تەندروست و جێبەجێکردنی پرنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات و بنیاتنانی حکومەتی هاوڵاتی».

بەڕێوبەرەکەی ناحیەی مەیدان، باس لە پرسی بنبڕکردنی گەندەڵی دەکات. دلێر عەبدوڵڵا مەحمود، لە ساڵی (٢٠٠٦)ـەوە بوە بە بەڕێوبەری ناحیە، پۆستەکەی ئێستای لە رۆژی (٢٠١٩/٩/١)ـەوە وەرگرتوە. وتی: «سەرەتا پێشنیارم بۆ کرا ببمە بەڕێوبەری ناحیە چونکە یاساناس کەمبو ئەو کاتە، ئیتر ویستم لەو رێگەیەوە گەرمیان ئاوەدان بکەمەوە و دەستی گەندەڵی ببڕم لەگەڵ چەسپاندنی عەدالەت و رێگەنەدان بە دەستخستنە نێو کاری حکومەت لەلایەن خەڵکی بەرژەوەندیخوازەوە».

## دوەم: هەڵسەنگان بۆ بەرپرسانی یەکەی کارگێڕی وبەڕێوبەرەکانی ئیدارەی گەرمیان

### ١. هەڵسەنگاندنی حزبەکان

#### ا. یەکێتی نیشتمانی کوردستان

یەکێتی کە پشکی زۆرینەی پۆستە حکومیەکانی گەرمیانی بەدەستە، دانبەوەدادەنێت هەندێک نوێنەریان ئەرکەکانیان وەک خۆی جێبەجێنەکردوە.
جێگری مەڵبەندی ١١ ڕێکخستنی یەکێتی لە گەرمیان، باس لەوەدەکات نوێنەریان هەبوە نەیتوانیوە ئەو متمانە و پەیامەی کە یەکێتی خواستی بوە جێبەجێی بکات.
عاسی عەلی، وتی: هەندێک لەو هەڤاڵانەمان راپەراندنی ئەرکەکانیان بە پێی خواست وئامانجەکانی یەکێتی نەبوە و لە ئەرکەکانیان سەرکەوتو نەبوە، بەڵام بە ڕێژەیەکی باش لە بەشێکیان رازین.
ئەمە ئەو پرسیارە دێنێتە پێش: ئاخۆ بە چ پێوەرێک ئەو هەڵسەنگاندنە ئەنجام دەدەن؟

عاسی عەلی، دەڵێت: لە رێگەی ئۆرگانەکانەوە گلەیی و گازندەکان لە سەریان دێتەوە بۆمان، ئەوکاتە بە گوێرەی پێوەرەکانی خۆمان لەگەڵ ئەو بەرپرسە دائەنیشین ئەگەر دەرکەوت ئەو کەسەی ئێمە متمانەمان پێ بەخشیوە وەکو پێویست ئەرکەکەی رانەسپاردوە، لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەین، هەروەک لە رێگەی دەزگاکانی راگەیاندنیشەوە ئاگاداری رەخنە و گلەیەکان دەبین لەسەر نوێنەرەکانمان و بەدواداچونی بۆ دەکەین.
ئەمە بە بێ ئەوەی کات و ماوەی دیاریکراویان هەبێت بۆ هەڵسەنگان لەگەڵ نوسینەوەی ئەو بنەمایانەی کە دەبێت بەرپرسەکە ئەنجامی بدات.

#### ب. بزوتنەوەی گۆڕان

گۆڕان کە دوەم حزبی ناوچەکەیە لە باڵادەستی پۆستە ئیداریەکان، بە ڕێژەی ٩٠٪ لە نوێنەرەکانیان رازین، بەرپرسی حزبەکەش دەڵێت: «نوێنەرەکانمان کێشەیان بۆ دروست نەکردوین».
فەیسەڵ حەسەن، وتی: بەشێوەیەکی زۆرباش لە ئەدای تیمی گۆڕان رازین، تائێستا بە باشی کارەکانیان ئەنجامداوە، هیچ گرفت و کێشەیەکیان بۆ دروست نەکردون.
وتیشی: نوێنەرایەتی راستەقینەی بەرنامەو ئامانجەکانی بزوتنەوەی گۆڕانیان کردوە، ئەو دروشمانەی کە لەکاتی بەنگەشەکاندا بە خەڵکی خۆمان داوە بە ڕێژەی ٩٠٪ جێبەجێیان کردوە.
پێچەوانەی یەکێتی، بە وتەی باژێڕوانی بزوتنەوەی گۆڕان ئەمان وەک حزب ماوەی هەڵسەنگاندنیان هەیە بۆ نوێنەرەکانیان.
فەیسەڵ حەسەن باسی لەوەکرد بە وردی کار و چالاکیەکانیان دەخەنە ژێر چاودێری و هەڵسەنگاندن، ماوەی ٦ مانگ بۆ ساڵێک هەڵسەنگاندن بۆ نوێنەرەکانی خۆیان دەکەن و دەینێرینە ژوری حکومەتی بزوتنەوەکە.

#### ج. کۆمەڵی دادگەریی

کۆمەڵی دادگەری، جەختدەکاتەوە رێگری لەبەردەم نوێنەرەکەیان هەیە بۆ ئەوەی بەرنامە و پلانەکانی وەک خۆی جێبەجێبکات.
حەسەن محەمەد ساڵح، وتی: نوێنەری ئێمە لە حکومەت باجی حزبەکەی دەدات ئاستەنگی بۆ کارەکانی دروستدەکرێت، بەڵام ئێمە رازین لە نوێنەرەکەمان.
هەروەک ئەوە دەخاتەڕو ئەو کەسەی پۆستی پێدەدرێت دەیکەنە ئەندامی مەڵبەند مانگانە کارەکانی بە راپۆرت ئاڕاستەی ناوەندی حکومەت و پەرلەمانی حزب دەکات کە سەر بە ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵی دادگەریە و دەڵێت: ئەو ناوەندە بنەمای تایبەتیان هەیە بۆ چاودێریکردنی نوێنەرەکانمان، وەک مەڵبەندی گەرمیانیش سەردانی دەکەین و لێپرسینەوەی لێدەکەین و لە هەندێک بابەتیش دا خەڵکی زانیاریمان دەداتێ.

### ٢. بەڕێوبەرەکان خۆیان لە کارەکانیان رازین؟

خودی بەڕێوبەرەکان لە هەڵسەنگاندن بۆ خۆیان دەبنە سێ گروپی جیاواز، هەندێکیان ناڕازین لەوەی بە دەستیان هێناوە، گروپەکەی دیکەشیان رەزامەندن بەرێژەیەکی مامناوەند، گروپی سێیەمیش تاڕادەیەکی زۆرباش لە کارەکانیان رازین.

## گروپی یەکەم: ناڕازی

بەڕێوبەرەکەی وەبەرهێنان ڕازی نیە لەوەی بەدەستی هێناوە.
هونەر مەحمود، وتی: ڕازی نیم لەوەی بەدەستم هێناوە بۆ دەزگاکەم، چونکە لە ئاستی ئەو پلانەی کە بۆم داناوە نیە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای بەرپرسیارێتێکەم دام.
کاتی دەست بەکاربون بەڕێوبەری ئێستای وەبەرهێنانی گەرمیان (٢٠٢٠\١١\١٧)ـە، ئەو کارە گرنگانەشی کە کردویەتی بە وتەی خۆی ئەمانەیە: چارەسەرکردنی کێشەی پرۆژەکانی نیشتەجێبون کە لەماوەی ڕابردودا هەبوە بەشێکیم چارەسەر کردوە و ئەوانەش کۆتای پێئەهێنین کە ماویەتی، ڕێکخستنەوەی کاری بەڕێوبەرایەتی کە بەلای منەوە زۆر گرنگ بو لە ڕوی کاروباری هاوڵاتیان و مامەڵەی وەبەرهێنەرەکان.

هاوشێوەی ئەو، ژیلوان عادل، بەڕێوبەری ناحیەی شێخ تەویل، دەڵێت: ئەوەی لە توانام دا هەبو کردومە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و کۆرۆناوە نەمانتوانی وەکو پێویست و ئەوەی کە بەرنامەمان بۆ دانابو وەکو خۆی جێبەجێی بکەم.
ئەو سێ خاڵەی ژیلوان عادل، دیاری کردوە وەک باشترین کاری خۆی، بریتین لە: ڕێزگرتن و بەڕێکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان بەبێ کەمتەرخەمی و ڕۆتین، ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە بواری ڕێگاوبان و پێویستی ڕۆژانەی هاوڵاتیانی سنورەکە، لەگەڵ ئەوەشدا دروستکردنی پۆندو بەنداوی بچوک بۆ ڕێگری لە وشکەساڵی لە چەند گوندێکی سنورەکەدا لە ڕێگای ڕێکخراوەکانەوە.

## گروپی دوەم: ڕازی

لە گروپی دوەمدا شادیە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان هەیە کە ڕۆژی (٢٨/٥/٢٠١٥) دەستبەکاربوە، دەڵێت: بە ڕێژەی (٦٠ بۆ٧٠٪) ڕازیم لەوەی بەدەستم هێناوە.
دەشڵێت: بە پێوەری ئەوەی پاڵپشتی جوتیاربوم بەبێ جیاوازی، پاڵپشتی وەبەرهێنەران بوم بۆ دروستکردنی پرۆژەی کشتوکاڵی، خۆشبەختانە لەو هەنگاوانە زۆر سەرکەوتوبوم، ئێستا گەرمیان خاوەن پرۆژەی کارگەی زەیتی زەیتون، سەربرینخانەی پەلەوەر، چەندین هەڵێنەری جوجک، کارگەی بەرهەمهێنانی قارچک، پرۆژەی تەواوکاری گاوداری .....هتد، پاراستنی مافی جوتیارانەی کە کەوتونەتە سنوری مادەی ١٤٠.
هەروەک بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان تارادەیەک ڕازیە لەوەی بە دەستی هێناو و دەڵیت: بەڕێژەی (٦٥٪) توانیومە پلانەکەم جێبەجێ بکەم.
ئەو کە لە ساڵی (٢٠١٢)ـەوە دەست بەکاربوە، لە بارەی ڕازی بونی لە خۆی دەڵێت: ئەو کارە گرنگانەی کردومە هەڵمەتی دروستکردنی بینای قوتابخانە بەتایبەتی لەماوەی ساڵی یەکەمی دەستبەکاربونم، چونکە ساڵانی دواتر بەهۆی قەیرانی داراییەوە هەڵمەتەکە وەستا، هەروەها نۆژەنکردنەوەی بینا کۆنەکان بە هەوڵی بەردەوامان بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست لە لایەن ڕێکخراوەکان و وەزارەت و خێرخوازانەوە، لەگەڵ شەفافیەت و نەهێشتنی ڕۆتین لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەکان.
بەڕێوبەری ناحیەی باوەنور، عەزیز محەمەد، دەڵێت: تارادەیەک ڕازیم، ٧٠٪ پلانەکانم جێبەجێکردوە، ئەوەی نەمانتوانیوە ئەنجامی بدەم لەدەرەوەی ئیرادە و توانای دەسەڵاتم بوە.
«کارکردن بە ڕوحی بەرپرسیارێتی و یەک تیمی و هەماهەنگی دروست کردن و کاری یەکتر تەواو کردن، بەلای عەزیز محەمەدەوە لە خاڵە گرنگەکانی کارەکانێتی، هەروەک دەشڵێت: «لەڕوی شەفافیەتەوە تا ئاستێکی باش کارم کردوە».

## گروپی سێیەم: زۆر ڕازی

ئەوانەی کەوتونەتە گروپی سێیەم هەڵسەنگاندنێکی زۆرباشیان بۆ کارەکانی خۆیان هەیە، لەوانە بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەڵێت: ٨٥٪ پلانەکانم جێبەجێ کردوە، هەربۆیە سەروی ٨٠٪ ڕازیم لە کارەکانم.
دەرون عومەر، وتیشی: خاڵی زۆر هەن کە جێگەی شانازیمە، لەوانە: کردنەوەی بنکەی کەمئەندامانی قەزای دوزخورماتو، پەیمانگەی هیوای نابیستان، دایەنگەی منداڵانی خانەقین، مۆڵەتدان بە ٩ دایەنگە و ماڵی ئاهو بۆ بەساڵاچوان، لەگەڵ پاڵپشتی دارایی بۆ ٢٢٩ پرۆژەی بچوک بۆ کەمئەندامان و بێوەژنان لە قەزای کەلار، هێنانی پرۆژەی پاراستنی منداڵ لە ساڵی (٢٠١٧)ـەوە کە بەهۆیەوە زیاتر لە ١٦٥ کچ و کوڕ بە گرێبەست هەلی کاریان بۆ ڕەخساوە.
هەروەها یادگار فەتاح، بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان ٨٠٪ ڕەزامەندیی لە کارەکەی دا بۆخۆی داناوە.
باسی کارە گرنگەکانی بەمشێوەیە دەکات: کردنەوەی بنکەی پشکنینی مەرزی پەروێزخان ڕۆڵی باشی هەبو لە ڕێگری هاتنی سوتەمەنی خراپ بۆ سنورەکە، دابینکردنی تاقیگەی گەڕۆک، کە بۆیەکەمجارە تاقیگەی ٢٤ کاتژمێری گەڕۆک بکەوێتەکار لە کوردستان، دانانی پلان بۆ ڕێکخستنەوەی کانەکانی چەو و لم، ڕێکخستنەوەی کاری بەڕێوبەرایەتیەکە.
هاوشێوەی ئەو، سەردار محەمەد، بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵا، هێما بۆ ئەوەدەکات کە زۆر ڕازیە لە کارەکانی، وتی: چونکە ماوەی ٢٥ ساڵە بە دڵسۆزی و دور لە گەندەڵی و بە دەستهێنانی بەرژەوەندی شەخسی خزمەت دەکەم.
دەشڵێت: توانیم بونیادی ئیدارەی ناحیەی کۆکس (کولەجۆ) بدەم بە دامەزراندنی فەرمانگەکانەوە و دامەزراندنی نزیکەی ١٢٠ فەرمانبەر، دروستکرنی ٦٠٠ خانو بۆ دانیشتوای ناحیەکە و ڕاکێشانی کارەبا بۆ زۆربەی گوندەکان و دروستکردنی چەندین بینای حکومی، لە ناحیەی قۆرەتوش چەندین پرۆژەم جێبەجێکردوە بۆ نمونە گەیاندنی کارەبای نیشتمانی بۆ ٣٣ گوندی ناحیەکە.
لەگەڵ ئەمانەشدا بەڕێوبەری ناحیەیی مەیدان کە پێشتر بەڕێوبەری ناحیەکانی نەوجول، ئاغجەلەر و کۆکس بوە، دەڵێت: ڕازیم لەوەی کردومەو ئاسودەشم، چونکە پۆستەکەم بەکارنەهێناوە بۆ گەندەڵی.
کارە گرنگەکانی بەم شێوەیە دەخاتەڕو: پاراستنی هەیبەتی ئیدارە، ڕێگەنەدان بەگەندەڵی سەرەڕای ئەوەی من لەو شوێنانە خزمەتم کردوە کەنەوتی تیدا بوە و ئەو پارەیەی لەنەوت بۆ بەڕێوەبەری ناحیەکان دەهات بەنوسراوی فەرمی ڕەدم کردەوە، لەگەڵ ژینگە پارێزی یەکێکم لەو کەسانەی بەتوندترین شێوە سزای تاوانبارانم داوە و لەهەمو تەمەنی ئیدارێم هیچ ڕاوچیەک بێ سزای توند لای من دەرنەچوە، ڕێگا نەدان بەتەجاوز لەهەمو سنوری گەرمیان تاکە کەسم کە دوکانی ئامر لیوام ڕوخاندبێت».

## ٣. چالاكوانان: بەرپرسانی گەرمیان نەتوانای بڕیاردانیان هەیە نە داكۆیكاربون بۆ خزمەتگوازری

چاودێرانـــی حكومەت و چالاكوان جەختدەكەنەوە كە بەرپرســـانی گەرمیان زۆرینەیان كەمتەرخەم و ناشەفاف بون و جیاكاری دەكەن لە بەدەمەچونی كاری هاوڵاتیان، لە ئەركە ئیداریەكەشیاندا توانای بڕیاردانیان نیە.

«لە بەڕێوبەری گشـتی و قایمقام و بەڕێوبەری ناحیەو بەرپرسـە ئیداریەكانی گەرمیان كەمینەیەک دڵسۆزو چالاكن» ئەمە تێڕانینی كەریـم علـی، ئەندامـی ئەنجومەنـی پارێـزگای سـلێمانیە. ئەو ئاماژەبەوەدەكات كە لە كۆی دەسـەڵاتی حكومەتی هەرێم ناڕازیە لە نێویشیدا بەرپرسانی گەرمیان.

هۆكارەكەشـی دەخاتـەڕو دەڵێـت: چەندیـان لە خەمی شـەقام و خزمەتگـوزاری ڕێگاوبانـەكان و كارەبـا و ئـاودان بـۆ خەڵک؟ زەوی نایاب لەبری سـودی گشـتی داویانە بە شەخسـی خۆیان و كۆمپانیاكانیان. چەندیان توانیویانە سـەروت و سـامانی نەوت و مـەرز بەشـێكی بگەڕێننەوە بۆ خزمەتی گەرمیان؟ یان شـێوازی مامەڵییان لە گەڵ هاوڵاتیان ئەگەر بەنمونە وەربگرین.

نەبونی توانای بڕیاردان بە یەكێک لە خاڵە لاوازەكانی بەرپرسـان لە گەرمیان دەدرێتە قەڵەم.

سـەردار رەسـوڵ، چالاكـوان و شـارەزای بـواری كارگێـڕی ئەم خاڵـە دەخاتـەڕو و دەڵێـت: نەبونـی توانای بڕیـاردان، كەمی هێـزی فشاربۆسـەروی خۆیـان و چارەسـەرنەكردنی كێشـەكان و جێبەجێنەكردنـی دەسـەڵاتیان بەشـێوەی دادپەروەرانـە، دەرنەچونیان لە قاڵبی حزبەكانیان پێمان دەڵێن چەند لاوازن.

دەشپرسێت: چۆن پێیان بڵێن سەركەوتون؟ كوا قوتابخانەی نوێ، سەنتەرێک، نەخۆشـخانەیەک، چاككردنی ڕێگایەک، دروستكردنی شـوێنكی گەشتیاری، دابەشـكردنی سوتەمەنی و چارەسەری ئەو هەمـو زیادەڕۆییە كەدەكرێتە سـەر زەوی موڵكی گشـتی ئەمانە سەلمێنەرنی ئەوەن كە لاوازن.

سەیوان مەحمود، چالاكوانێكی كۆمەڵگەی مەدەنی كە نزیكەی ٧ ساڵە لەو بوارەدا چالاكە دەڵێت: زۆرینەی بەڕێوبەرەكانی ئیدارەی گەرمیان لەئاست بەر پرسیارەتی نین، زۆرینەیان بەناوی قەیرانی دارایەوە دەستوپێی خۆیانیان بەستوەتەوە و ئیش ناكەن.

## ٤. تێكەڵكردنی ململانێی حزبی لە كارەكانیان

ڕەنگدانەوەی حزبی بون بەلای شـاهۆ عەبدوڵلاوە خاڵێكی خراپی بەرپرسـەكانە: هەرچـی حـزب بڵێت هەر ئـەوە ئەنجام دەدەن، پۆسـتە حكومییـەكان دەخەنە نـاو ململانێی حزبییـەوە، نەبونی هەماهەنگـی لەنێـوان خۆیاندا، هەروەها بەدواداچـون نەكردن بۆ چاكردنەوەی كەموكورتی پرۆژەكان.

عوسـمان حەسـەن، چالاكوانـی مەدەنـی هەمـان بۆچونی هەیە بـە زیادكردنـی ئـەوەی كە بەرپرسـەكان كەم توانـا و ناكارا و كەمتەرخـەم و ناشـەفافن، دەڵێـت: زۆرینەیان تەنهـا لەبەرچاو گرتنی خود و حزب شتێكی گرنگە لایان.

بەلەبەرچاوگرتنـی ئـەم قسـانە، شـارەزای بـواری پەرەپێدانـی مرۆیـی، سـامان عەزیز، دەڵێت: « لێـرە ئامانج و پلانەكانی ئەم بەرپرسـانە لەگـەڵ مـاوەی جێبەجێكردنـی نەنوسـراونەتەوە تا بزانرێت چەندیان ئەنجامداوە، ئەمە بۆ خودی وەزارەتەكانیشـیان راسـتە، لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی لاوازی بەرپرسە ئیداریەكان لایەنە كۆمەڵایەتیەكەیانە، ڕەنگە سـودێكی كەمی هەبێت، بەڵام باشترە ئیداری بن نەوەک پێگەی كۆمەڵایەتیان بەكاربهێنن».

## سێیەم: دورخستنەوەی بەڕێوبەر و گۆڕانكاری یان مانەوە بۆ چەندین ساڵ

## ١. ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی: بەربەستی سیاسی ڕێگربوە

كەریـم عەلـی، ئەندامـی ئەنجومەنـی پارێـزگای سـلێمانی باس لـەوەدەكات لـە ئەنجومەن نەتوانراوە لێپرسـینەوە لە بەرپرسـی كەمتەرخەم یان ئەو كەسانەی هاوڵاتیان گلەی و گازندەی زۆریان لێی هەبوە بكرێت، ئەوەش بە هۆكاری حزبی و سیاسی.

«ئەو باردۆخە سیاسیە هەیە، ڕێگربوە لەوەی متمانە لە بەرپرسە حكومیـەكان وەربگرینەوە، چەند بەپرس هەبوە كەمتەرخەم بوە، بـەدەم هاوڵاتیـەوە نەهاتوە گلەی زۆری لەسـەر هەبوە لە سـەر ئاسـتی گەرمیـان كەچی متمانـەی لێوەرنەگیراوەتـەوە». كەریم عەلی، وادەڵێت.

ئەمـە لـە كاتێكدایە بەپێی یاسـایی ژمارە سـێ سـاڵی (٢٠٠٩)ی ئەنجومەنی پارێزگاكان، ئەنجومەن دەسـەڵاتی لێسـەندنەوەی متمانەی هەیە لە سنوری دەسەڵاتی ئیداری پارێزگاكەی.

كەریم عەلی، وتیشـی: «ئەگەر ئەندامانی ئەنجومەن و ئەنجومەن هاوكارم بێت ئەسـڵەن متمانە لە بەشێكی بەرپرسەكانی گەرمیان وەردەگرینـەوە لەگەڵ ناوچەكانی دیكەی دەسـەڵاتی ئەنجومەن، هەروەک ڕێز و سـوپاس پێشـكەش بەو بەرپرسـانەش بكرێت كە ئەركەكانی خۆیان بە زیادەوە دەكەن».

## ٢. حزبەکان

**یەکێتی**: هۆکاری سیاسی و ئیداریە رێگرە لە گۆڕینی بەرپرسەکانمان

ماوە ماوە گۆڕانکاری دەکرێت لە پۆستەکان، لەگەڵ ئەوەدا بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگە هەیە لە دروستبونیەوە یەک بەڕێوبەری هەیە. یەکێتی بابەتی سیاسی و ئیداری بەڕێگری بەردەمیان دەزانێت بۆ ئەوە، هەروەک باس لەوەدەکات بەڕێوبەریان هەبوە بەهۆی کەمتەرخەمی و نابەرپرسیاریەتی دوریان خستوەتەوە، بەڵام ئاشکرای ناکەن کە چ پۆستێک بوە.

عاسی عەلی، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی، وتی: هەر کەسێک کە دەخرێتە پۆستێکەوە بە پێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ چوارساڵە، بەڵام لە گەرمیان کەسی وامان هەیە دە ساڵ زیاترە لە پۆستێکدایە.

لەبەرامبەر ئەو پرسیارەی کە بۆچی یەکێتی ئەو هەنگاوەی نەناوە کە نوێبونەوە لە پۆستەکان بکات، وتی: پێمان وایە هۆکاری ئەوەی ناتوانین گۆڕانکاریەکان بکەین قۆناغ و هەلومەرجەکان هێناویانەتە بون، هۆکارەکانیشی سیاسی و ئیدارین.

ئەو بەرپرسەی یەکێتی ئاشکرای دەکات بەرپرسی حکومی هەبوە لە پۆستەکەی دوریانخستوەتەوە، بەبێ ناوهێنان و ئاماژەدان بە ژمارەی ئەو بەرپرسانەی بەو هۆیەوە لە پۆستەکانیان دورخراونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا وتی: هۆکاری دورخستنەوەکانیان ئەوەبوە کە نەیانتوانیوە ئەو ئامانجەی کە یەکێتی هەیبوە جێبەجێی بکەن کە خزمەتکردنی چین و توێژەکانە، بۆیە سەرئەنجام لامانبردوە.

**گۆڕان**: ئەگەر گۆڕانکاری بکەین لە پۆستەکان مانای ئەوەنیە بەرپرسەکەمان خراپ بوە.

لەگەڵ ئەوەی بازێروانی مەکۆی کەلار گۆڕانکاری بە گرنگ دەزانێت و دەڵێت: «بە گۆڕانکاری رۆحێکی تازە و خوێنێکی تازە دێتە ئەو شوێنە». بەڵام هیچ بەرپرسێکیان لە پۆستەکەی دور نەخستوەتەوە ئەگەرچی گلەی گازندەی هاولاتیانی لەسەربوبێت.

فەیسەڵ حەسەن، باس لەوەشدەکات: ئەگەر ئاڵوگۆڕێک یان گۆڕانکاری بکەین مانای خراپی بەڕێوبەرەکە نیە، بەڵکو بە گوێرەی بەرژەوەندی باڵای بزوتنەوەکەیە.

هەروەک هیچ بەرپرسێکیشیان لە کار دورنەخستوەتەوە، بەڵام بڕیاری گۆڕانکاریان لە پۆستەکانیان داوە.

**کۆمەڵ**: متمانەمان نیە نوێنەرەکەمان بگۆڕین

کۆمەڵی دادگەری دودڵە لەوەی بەرپرسەکەیان بگۆڕن و متانەیان نیە کە ئەو کەسە لابەرن حزبە باڵادەستەکان نەبنە رێگر لە ناردنی نوێنەری دیکەیان بۆ ئەو شوێنە.

حەسەن محەمەد، وتی: ئێمە وەک کۆمەڵ کەسێک ویستومانە بیگۆڕین کەچی رێگری بۆ دروستکراوە لە شارەکانی دیکە بۆیە متمانەمان نیە گۆڕانکاری بکەین.

## ٣. مانەوەی زۆری بەرپرسەکان لە پۆستەکانیان ئەو فەمانگانەی لاوازکردوە

چالاکوانان هێما بۆئەوەدەکەن مانەوەی ماوەیەکی زۆری بەرپرسان لە پۆستەکانیان بە بێ پلان و بەرنامە، کاریگەری کردوەتەسەر ئەو دەزگایانە و لاوازی کردون، کەچی بەهۆی پشتیوانی خێڵ و حزبەکەی هەر بەدەوام ئەبێت لە پۆستەکەی.

«ئەگەر دەرکەوت پلەباڵایەک کەمتەرخەمە و باش نییە با هەر لەسەرەتای خولی یەکەم بگۆڕێت، نەوەک لەبەر رەزامەندی کەسایەتی خێڵ و هۆز و حیزبایەتی بەڕێوەبەرکە یان بەرپرسەکە هەرچۆن بێت قبوڵبکرێت». ئەمە قسەکانی سەردار رەسوڵە.

شاهۆ عەبدوڵلا، پێی وایە ئەگەر ئەو کەسەی پۆستێکی پێدەدرێت رەزامەندی هاولاتیان بەدەست بێت لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان، ئەوە دەکرێت لەچوارساڵەوە بۆ هەشت ساڵ بەردەوام بێت، بەمەرجێک خاوەن بەرنامە و ستراتیژێک بێت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەی.

بەڵام، عوسمان حەسەن رای وایە مانەوەی ئەو کەسانە بۆ کاتێکی زۆر لە پۆستەکانیان دەبێتە مایەی لاوازبونی ئەو دەزگایە.

## ٤. دەست بە گۆڕانکاری لە چەند پۆستێک دەکرێت

بڕیار هەیە گۆڕانکاری بکرێت لە پۆستە حوکمیەکان، بەڵام تائێستا میکانیزمی گۆڕانکاریەکان دیار نیە و جێبەجێکردنی دەستی پێنەکردوە.

جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی، ئاماژەبەوەدەکات گۆڕانکاریەکان کەوتونەتە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق کە بڕیارە (١٠ئۆکتۆبەر) بەڕێوەبچێت

عاسی عەلی، دەڵێت: نە دەتوانم شوێنەکە دیاری بکەم چ بەڕێوبەرایەتیەکی گشتیە یان چ پۆستێکە گۆڕانکاریی تیا دەکرێت، نە دەشتوانم بڵێم گۆڕانکاریەکان زۆرە یان کەمە.

لە بارەی گۆڕانکاریەکانەوە، فەیسەڵ حەسەن، وتی: ئەمە پەیوەستە بە بەڕێوەنەچونی خولی دوەمی هەڵبژارنەکانی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان کە ماوەی ئاسایی خۆی تێپەڕاندوە، هەرکاتێک هەڵبژاردن بکرێت ئێمە تیمێکی تازە دەنێرینە حکومەت.

### ٥. لیژنەی یاسایی پەرلەمان: چی دیکە وەک پێشو بەرپرس بۆ پۆستەکان دانانرێت

لەم کابینەیەدا پێدانی پۆستی (پارێزگار، ئیدارە، قایمقام، بەڕێوبەری ناحیە، بەڕێوبەری گشتی، بەڕێوبەر) گۆڕانی بەسەردا هاتوە و مەرج و پلەبەندی بۆ دیاریکراوە کە دەبێت کەسەکان ئەزمونیان هەبێت لەگەڵ پسپۆڕی لەگەڵ چەندین خاڵی دیکە.

جەلال محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: ئەمە کارێکی زۆرباشبو بۆ ئەوەی کەسی شیاو بەرپرسیاریەتی پێبدرێت، ئێستا هەر وەزارەتێک ڕێنمایی خۆی هەیە بۆ دانانی بەڕێوبەرە گشتیەکان کە پسپۆڕی مەرجی سەرەکیانە.

زیاتر وتی: «بەڵام بۆ قایمقام و بەڕێوبەری ناحیەکان بڕوانامەی بەکالۆریۆس یەکێکە لە مەرجەکانی، بەمەش کەسێک کە هیچ ئەزمونێکی نەبوە لە فەرمانبەری یان پسپۆڕی لەو بوارەنەبوە ناکرێت بە بەڕێوبەری گشتی و پۆستە ئیداریەکانی دیکە کە ئاماژەم پێکرد».

## چوارەم: بەربەست و گرفتی بەردەم بەڕێوبەرەکان

### ١. دەستێوەردانی حزبی و بەرپرسە باڵاکان

بەربەستی حزبی، یەکێکە لەو ڕێگریانەی کە بەڕێوبەر و سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان ئاماژەی پێدەکەن، بەڕێوبەرێکیش ئاشکرای دەکات کە بەرپرسەکان لە ئاستی باڵا دەستوەردەدەنە کارەکانیان.
هەریەکە لە شادیە حسێن، دەرون عومەر لە پشکی بزوتنەوەی گۆڕان و عەزیز محەمەد، لە پشکی کۆمەڵی دادگەری، دەستێوەردانی حزبی بە بەربەستی بەردەم کارەکانیان دەزانن، بەڵام دەستنیشانی ناکەن ئاخۆ حزبەکەی خۆیانە یان حزبی باڵادەست.

بەڵام دلێر عەبدوڵڵا، دەڵێت: «بەربەستەکان بەگشتی بەرپرسە باڵاکانن، من بۆ خۆم بەهیچ شێوەیەک نەتوانراوە بە زۆر هیچ کارێکم پێبکەن، باجی ئەوەشمداوە، بەڵام هەیبەتی حکومەتم پاراستوە».
هەروەک بەڕێوبەرەکەی ناحیەی سەرقەڵا، جەختدەکاتەوە دەست تێوەردانی جۆراوجۆر لە کاروبارەکان بەربەستی بۆ کارەکانیان دورستکردوە.

### ٢. گرفتی یاسایی و کارگێڕی

ئەم دو خاڵە بەشی زۆرینەی بەرپرسە ئیداریەکان کۆکن لەسەری.
عەزیز محەمەد، دەرون عومەر، دارا ئەحمەد، سەردار محەمەد، شادیە حسێن و یادگار فەتاح، ئەمە بەگرفت دەزانن.
بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: «بونی ئەو یاسا و ڕێنماییانە لە بواری کارگێڕیدا کە ماوەیەکی زۆرە دەرچوە، خۆی بوە بە بەربەست بۆمان، هەروەها هەندێک یاسا دەردەکرێت وەکو پێویست پرسوڕا وەڕناگیرێت، ئەمەش دوبارە ڕێگر دەبێت لە بەردەم کارەکانمان».
لەگەڵ ئەوەشدا یادگار فەتاح، دەڵێت: زۆرجار یاساکان بون بە کۆتوبەند لەبەرامبەر کارەکانمان.

ئەمە لە کاتێکدایە دارا ئەحمەد، باس لەوەدەکات تێڕوانینی جیاوازی کابینەی یەک لەدوای یەکی حوکمەت و وەزارەتی پەروەردە بۆ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ئاستەنگی بۆ کارەکانی دروستکردوە لەگەڵ مامۆستایان کە هەوڵنادەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیریان، بەشێوەیەک کۆمەڵگا بەرەو قۆناغێک ڕۆشتوە کە تێیدا بەهای زانستخوازیی لە پاشکەشەدایە و بەها مادیەکان برەوی پەیدا کردوە.
لە کۆی هەمو ئەو بەڕێوبەر و بەرپرسە ئیداریانەی گەرمیان سەرجەمیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دۆخی ئابوری و دارایی و نەبونی بودجەی ساڵانە، ئاستەنگی بۆ کارەکانیان دروستکردوە.

### ٣. پەرەپێنەدانیان لە بواری سەرکردایەتی و بەڕێوبردن

لەبەرامبەر بون و نەبونی پسپۆڕی و ئەزمون ئەوەی گرفتە بۆ بەرپرسە ئیداریەکانی گەرمیان کەمی و نەبونی خولی بەڕێوبردن و سەرکردایەتیە.
بە سەرسوڕمانەوە عەزیز محەمەد، وتی: : «تاکو ئێستا شەش ساڵە بەڕێوبەری ناحییەم یەک خولی حکومیم نەبینیوە».
هونەر مەحمود، بەڕێوبەری وەبەرهێنان کە بەرپرسیاریەتیەکی هەستیار و گرنگی ئابوریە، دەڵێت: «هیچ خولێکی بەرێوبردنم نەبینیوە، بەڵام ئەزمونم وەرگرتوە لەگەڵ ئەوەشدا خاڵێکی زۆر گرنگە کە نەک تەنها بەرێوبەر بەڵکو فەرمانیش ئەو خولانە ببینێت».
یادگار فەتاح و شادییە حسێن، بەهەمان شێوە هیچ خولێکی هاوشێوەیان نەبینیوە.
ئەمە کە کاتێکدایە کە ژیلوان عادل، ئاماژەبەوەدەکات ئەوکاتەی بزوتنەوەی گۆڕان کە کاندیدی کردوە بۆ پۆستەکەی چەند خولێکی چۆنێتی بەڕێوبردن و سەرکردایەتی بۆ کردونەتەوە.

دارا ئەحمەد، باس لەوەدەکات خولی بینیوە تایبەت بۆ بەڕێوبەر و سەرکردایەتی بە هەردو شێوەی سەربەخۆ و لەلایەن وەزارەتەوە کە تیادا بەشداریی کردوە، خولەکانیش لە ئاستی لۆکاڵی و جیهانی دا بوە.
هەروەک سەردار محەمەد، دەڵێت: زۆر خولم بینیوە لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخۆ و ڕێکخراوەکانەوە، گرنگترین خول لە وڵاتی لوبنان بەشداریم کردوە بۆ ماوەی یەک مانگ بە ناوی «خولی سەرکردەی گەنج» لە ساڵی ٢٠٠٩.
ئەمە لە کاتێکدایە سامان عەزیز، شارەزای پەرەپێدانی مرۆیی، دەڵێت: ناکرێت کەسێک هیچ ئەزمونێکی نەبوە و کراوە بە بەڕێوبەری گشتی، ئەمە هەڵەی زەقن، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ خولێکیان نەبینیوە لە بواری کارگێڕی، ئیتر چۆن ئیدارە ئەدەن؟ ئێستا بنەمای پێشکەوتنی هەروڵاتێک بەندە بە ئیدارەدانیەوە، ئیدارەی دواکەوتو واتا وڵاتێکی دواکەوتو.

# پرۆفایلی پۆستەکانی بەشێک لە بەڕێوبەرەکانی ئیدارەی گەرمیان

| یەکە کارگێڕیەکانی گەرمیان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| زنجیرە | یەکەی کاگێری | بەرێوبەر | بڕوانامە | دەستبەکاربون | لایەنی حزبی |
| ١ | سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان | جەلال شێخ نوری | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠٢٠ | یەکێتی |
| ٢ | قایمقامی قەزای کەلار | شەهاب ئەحمەد | بەکالۆریۆس لە جوگرافیا | ٢٠١٥ | گۆڕان |
| ٣ | قایمقامی قەزای کفری | شەماڵ نامیق | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠٢١ | یەکێتی |
| ٤ | بەرێوبەری ناحیەی سەرقەڵا | سەردار محەمەد | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠٢١ | یەکێتی |
| ٥ | بەرێوبەری ناحیەی مەیدان | دلێر عەبدوڵڵا | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠١٩ | یەکێتی |
| ٦ | بەرێوبەری ناحیەی رزگاری | جەمال ساڵح | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠٢١ | یەکێتی |
| ٧ | بەرێوبەری ناحیەی باوەنور | عەزیز محەمەد | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠١٨ | یەکگرتو |
| ٨ | بەرێوبەری ناحیەی قۆرەتو | سەروەت محەمەد | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠١٨ | یەکێتی |
| ٩ | بەرێوبەری ناحیەی شێخ تەویل | ژیلوان عادل | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠١٥ | گۆڕان |
| ١٠ | بەرێوبەری ناحیەی ئاوەسپی | عەدنان علی | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠١٨ | کۆمەڵی دادگەری |
| ١١ | بەرێوبەری ناحیەی کۆکس | ساڵح محەمەد | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠٢١ | یەکێتی |

| بەڕێوبەرە گشتیەکانی گەرمیان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| زنجیرە | بەرێوبەرایەتی | بەرێوبەر | بڕوانامە | دەستبەکاربون | لایەنی حزبی |
| ١ | ب.گ.شارەوانیەکانی گەرمیان | بەرزان کەریم | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠١٨ | یەکێتی |
| ٢ | ب.گ.گەشتوگوزاری گەرمیان | پشتیوان عبدولکەریم | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠١١ | یەکێتی |
| ٣ | ب.گ.رۆشنبیری گەرمیان | ئاکۆ یوسف | بەکالۆریۆس لە زانستی زیندەوەر زانی | ٢٠١٥ | یەکگرتو |
| ٤ | ب.گ.پەروەردەی گەرمیان | دارا ئەحمەد | بەکالۆریۆس لە جوگرافیا | ٢٠١٢ | یەکێتی |
| ٥ | ب.گ.کشتوکاڵی گەرمیان | شادیە حسێن | بەکالۆریۆس لە زانستی کشتوکاڵ | ٢٠١٥ | گۆڕان |
| ٦ | ب.گ.کارەبای گەرمیان | حازم کەریم | بەکالۆریۆس لە ئەندازیاری کارەبا | ٢٠١٢ | یەکێتی |
| ٧ | ب.گ.تەندروستی گەرمیان | سیروان محەمەد | دکتۆرا لە پزیشکی | ٢٠١٥ | گۆڕان |
| ٨ | ب.گ.چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | دەرون عومەر | بەکالۆریۆس لە یاساو رامیاریو ماستەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | ٢٠١٥ | گۆڕان |
| ٩ | ب.گ.ئەوقافی گەرمیان | سەباح محەمەد | بەکالۆریۆس لە شەریعەی ئیسلامی | ٢٠١٨ | یەکێتی |
| ١٠ | ب.گ.کاروباری مین | جەلال جەعفەر | بەکالۆریۆس لە ئادابی زمانی ئینگلزی | ٢٠١٣ | یەکێتی |
| ١١ | ب.گ.شەهیدان و ئەنفالکراوان | جەبار عومەر | بەکالۆریۆس لە یاسا | ٢٠١٤ | یەکێتی |

# بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

- پۆستە حکومیەکانی سنوری گەرمیان هەموی بەرکەوتەی حزبییە، هیچ پۆستێکی حکومی بە کەسانێک نادرێت کە لەروی سیاسییەوە سەربەخۆ بن. زۆرینەی رەهای پۆستەکانیش لای یەکێتی نیشتمانییە، بەشێوەیەک لەکۆی نزیکەی (٧٠) پۆست، تەنها (١١) پۆستیان لای ئەو حزبە نیە.

- هیچ سەقفێکی زەمەنیی نییە لە وەرگرتنی پۆستەکان، بۆنمونە ئەم پۆستە بۆ ماوەی ئەوەندە ساڵە، بەشێوەیەک بەڕێوبەر هەیە ١٠ ساڵە لە پۆستەکەی دایە.

- حزبەکان خۆیان ئەو کەسانە دیاریی دەکەن کە پۆستی بەڕێوبەری حکومی وەربگرن، بەڵام ئالیەتەکانیان رون نییە، بەڵام هەمویان لەوەدا هاوبەشن کە کەسەکە دەبێت کادر و ئەندامی حزبەکەیان بێت بۆ ئەوەی پۆستەکەی پێ بدەن.

- تەنها لەو پۆستانەدا نەبێت کە یاسا ناچاری کردوە، ئەگینا لە پۆستەکانی دیکەدا زۆر گرنگیی بە پسپۆڕێتی نادرێت، ئەمەش لەلای هەمو حزبەکان وەکو یەکە. چالاکوانانیش باس لەوەدەکەن کە لایەنی کۆمەڵایەتی و هۆز و عەشیرەتگەریی، لەگەڵ واستە و بونی پاڵپشتی حزبیی و رادەی گوێڕایەڵیی بۆ حزب، لەدیارترین ئەو بنەمایانەن کە بەرپرسەکانی لەسەر دادەنرێن.

- شێوازی چاودێرییکردنی حزبەکان بۆ بەڕێوبەرەکان رون نییە، هەست ناکرێت پلانێکی تایبەتیان هەبێت بۆ ئەم پرسە، جگە لە کۆمەڵێ دادگەریی کە بەڕێوبەرەکەی ناچار دەکات مانگانە راپۆرتی چالاکیەکانی بەرز بکاتەوە بۆ حزب، ئەوانی دیکە هیچ رێکارێکی رونیان نییە و بەپێی پێشهاتەکان مامەڵەیان لەتەکدا دەکەن.

- زۆرینەی رەهای بەڕێوبەرەکان خول و راهێنان بۆ پەرەدان بە ئەدا و کارەکانیان نەبینیوە، ئەگەر بینیبێتیان بەردەوام نەبوە و زۆر کەم و سنوردار بوە.

- بەشێک لە بەڕێوبەرەکان کێشەی یاسایی لە دانانەکانیان هەیە و بە فلتەری ئەنجومەنی پارێزگادا نەرۆشتون و لەوێوە دەنگیان پێنەدراوە.

- بەڕێوبەرەکان باس لەوەدەکەن کە کێشەی زۆری یاسایی و کارگێڕییان هەیە، ئەویش بەهۆی ئەو گرفتانەی کە لەو روەوە بونی هەیە، هەروەک راوێژیان پێناکرێت لەلایەن پارلەمانەوە لەکاتی دەرچواندنی ئەو یاسایانەی کە پەیوەستە بە کارەکانی ئەوانەوە.

- دەستوەردانی حزبیی و کەسانی باڵادەست لەکاری بەڕێوبەرەکاندا هەیە، ئەمەش بەزۆری ئەو بەڕێوبەرانە جەختیان لێکردوەوە کە یەکێتی نین.

## دوەم: راسپاردەکان

١. پێویستە گۆڕانکاریی لە ڕۆڵی حزب لە دەستنیشانکردنی بەڕێوبەرە حکومیەکاندا بە یاسا ڕێکبخرێت، ناکرێت بڕیاردان لە هەمو جومگە حکومییەکان بەبێ ڕەچاوکردنی شایستەیی و لێهاتویی بدرێت بەدەست حزبەوە، بەڵکو دەبێت پۆلێنکاریی بکرێت و بەشێکی سنورداری پۆستەکان حزبەکان یەکلایی بکەنەوە، ئەوانی تر لەسەر بنەمای پیشەیی و کێبڕکێ دیاریی بکرێن. لەمەشدا پارلەمانی کوردستان دەبێت ڕۆڵی هەبێت و یاسای تایبەتمەند بەم بوارە گەڵاڵە بکات.

٢. پێویستە پۆستەکان بەگشتی و بەوانەشی کە حزبەکان دیاریی دەکەن، پێوەریی یاسایی و ئسولیان بۆ دەستنیشان بکرێت لەسەر بنەمای بڕوانامە و پسپۆڕیی و شارەزایی و ئەزمون و ئاسالانی خزمەت و پلەبەندی وەزیفی و ...هتد، دەرفەتی یەکسان بدرێت بە هەموان بۆ کێبڕکێ کردن لە بەدەستهێنانی ئەو پۆستانە. ئەمە جگە لەوەش دەبێت هەندێک پۆستی دیکە بە هەڵبژاردنی گشتی لەسەر ئاستی ئیدارە و قەزا دەستنیشان بکرێت، لەوانە: سەرپەرشتیاری ئیدارە، قایمقام، سەرۆکی شارەوانی.

٣. ئەگەرچی حزبەکانی گەرمیان حکومەتێکی بنکەفراوانیان پێکهێناوە، بەڵام هیچ سەکۆیەکیان نیە لەنێوان خۆیاندا بۆ هەڵسەنگاندنی حکومەت و هاوپەیمانێتیەکەیان، بەشێوەیەک تائێستا لەو ڕووەوە هیچ کۆبونەوەیەک لەماوەی زیاتر لە ٦ ساڵی هاوپەیمانی نێوان ئەو چوار لایەنەی کە بەشدارن لە حکومەتی خۆجێی گەرمیان (یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتو و کۆمەڵ) ئەنجام نەدراوە لەبارەی ڕەوشی حکومەتی خۆجێی. بۆیە پێشنیاز دەکەین بە دروستکردنی ئەم سەکۆیە، یان گرێدانی کۆبونەوەی خولیی "دوری" لەنێوان ئەو لایەنانە تایبەت بە پرسی حکومەتی خۆجێی.

٤. گرنگ و پێویستە هەمو فەرمانگەیەک دەستەیەکی چاودێریی و ڕاوێژکاریی لە کۆمەڵی مەدەنی و هاوڵاتیان هەبێت، کە کاریان بریتیی بێت لە چاودێرییکردنی ئەو فەرمانگەیە و بەڕێوبەرەکەی، بەمەبەستی بەرەودان بە کارەکان لەژێر چاودێریی هاوڵاتیان دا.

٥. پێویستە حکومەت بە پلان و بەرنامەوە ڕاهێنان و خول بۆ بەڕێوبەرەکانی ئەنجام بدات، هەر وەزارەتە و لەو ڕووەوە پلانی خۆی هەبێت و لەڕێگەیەوە پەرە بە توانا و ئەدای بەڕێوبەرەکان بدرێت.

٦. دەبێت جەختبکرێتەوە لە نەهێشتنی دەستوەردانی نایاسایی و نائسولیی، بەتایبەتی لەلایەن حزب و بەرپرسانەوە کە کارەکان بە ئاقارێکی نایاسایی و خراپدا بەرێت.

٧. پێشنیاز دەکەین حکومەت داوا لە کۆمەڵی مەدەنی و ڕاگەیاندکاران و دەزگا میدیاییەکان بکات بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی و توێژینەوە و بەدواداچون لەبارەی ئاستی بەڕێوبەرەکان، ئەو تێبینی و سەرنجانەی هەیە لەسەر بەڕێوبەر و دەزگاکانیان بە هەند وەربگیرێت و کاریان لەسەر بکرێت.

٨. دەبێت بە یاسا و بە ڕونی ماوەی دەسەڵاتی بەڕێوبەرەکان دیاریی بکرێت و پابەند بن بەو کات و وادەیەی کە دیاریی کراوە.

٩. گرنگە حزبەکان لای خۆیانەوە یەکە و هۆبەی تایبەت بە چاودێریی حکومەت و کادیرە حکومییەکانیان هەبێت، لەسەر بنەمای ڕاپۆرت و بەدواداچون، هەڵسەنگاندن بۆ کار و ئاستی بەڕێوبەرەکانیان بکەن و پێشنیاز و ڕەخنە و داواکاری بۆ بخەنەڕو.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکـی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشـتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیـان ئەنجـام دەدات بەمەبەسـتی پـەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـا بـرەودان بە پرۆسـەی چاودێرییکردن و شـەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکان.

* ئامانجی یەکە
١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروسـتکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروسـتکردنی فشـار بـۆ ئەنجامدانی پـرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشـەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی ڕایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەڕوی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. ئەحمەد حەمید وەلی
٢. زریان محەمەد
٣. ڕێناس ساڵح

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net